KOREK

# ڕووداو وەرزشی

WWW.RUDAW.NET

ژمارە (382)   سێشەممە 2016/1/5   15ی بەفرانبار 2715   (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



لەبەرئەوەی خۆی و باوکی شێتی سەروەت و سامان کۆکردنەوەن..

## نەیمار خەریکی کاری ساختە و فێڵبازییە لەدژی بارسا

**ڕووداوی وەرزشی - CNBC**


ڕادیۆی کادینا کۆپیی ئیسپانی ئاشکرایدەکات نەیمار دا سیلقای ئەستێرەی بەرازیلی و باوکی هێشتا خەریکی کاری ساختە و فێڵبازین و تەنانەت یارییەکی درۆزنانەیان لەدژی یانەی بارسێلۆنا دەستپێکردووە.

بەگوێرەی ئەو ڕادیۆیە، نەیمار و باوکی یارییەکی چەپەڵ لەدژی یانەی بارسێلۆنا دەکەن و دەڵێت «نەیمار دەیەوێ مووچەکەی زیاد بکرێت و ببێتە خاوەنی سێیەم زۆرترین مووچە لە جیهان، لەدوای هەردوو ئەستێرە، لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، بۆیە پیلانێکی درۆزنانە لەدژی بارسا پەیڕەو دەکەن». هەروەها لە بەرنامەی شرنگیتۆدا کە لەسەر کەناڵی 6ی ئیسپانیا لاسیکستا نمایش دەکرێت، ڕۆژنامەنووسێکی ئامادەبوو هەواڵێکی بڵاونەکراوەی لەبارەی نەیمار و باوکی ئاشکراکردو گوتی «لەبەرئەوەی نەیمار و باوکی شێتی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانن، فێڵێکی گەورە لە بارسا دەکەن و فێڵەکەش بریتیە لە ناردنی گرێبەستی خەیاڵی و هەواڵی درۆزنانە لەلایەن نەیمار و باوکییەوە بۆ ڕۆژنامەکان، گوایە گرێبەستێکی خەیاڵی لەلایەن ڕیال مەدریدەوە پێشکەشیانکراوە، بەوەش کارگێڕی بارسێلۆنا لە بایەخدانی (خەیاڵی) ڕیال مەدرید بەو یاریزانە دەترسێت و داواکارییەکانیان جێبەجێدەکات». ئەو ڕۆژنامەنووسە گوتیشی «نەیمار داوا لە کارگێڕی بارسێلۆنا دەکات مووچەکەی بۆ 19 ملیۆن یۆرۆی بێ باج بەرز بکرێتەوە، چونکە خۆی و باوکی پێیانوایە شایستەی ئەوەیە ببێتە خاوەنی سێیەم بەرزترین مووچە لە جیهاندا».

---

فیفا پێشوەختە مێسی و ڕۆناڵدۆی لە ئەنجامی باڵۆن دۆر ئاگادارکردووەتەوە..

# %100




"ڕۆناڵدۆ ئامادەی ئاهەنگەکە دەبێت و نایەوێ سیناریۆی 2011 دووبارە بکاتەوە"

**LOTTO**

ڕۆژی دووشەممە 2016/1/11 تیروپشکی چلوچوارەمین لۆتۆی (ڕووداوی وەرزشی) لە RUDAW.TV ئەنجامدەدرێت

8



## بەهێزترین پیاوی جیهان کوردە

5»

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (382) سێشەممە 2016/1/5



## هەقی خۆمانە

سـەفین کانەبی سـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتان جیابوونەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتانی لە یەکێتی تۆپی پێی عێراق بە مافی خۆیانی دەزانێت و دووپاتیدەکاتەوە کە ئەو کارە کارێکی ڕاست و ڕەوایە. ناوبراو لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی کورە ڕایگەیاند «ماوەی چەندین ساڵە بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراق لەسەر بنەمای تەبایی و هاوکاریکردن و ڕێز لەیەکدی گرتن کاردەکەین و ئێستاش هەروایە، بەڵام دەمانەوێ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەربەخۆ بێت ، کە ئەوەش هەقێکی ئاسایی خۆمانە».

شاری سمایلاند دەستپێشخەری کردووە بۆ پێشخستنی ئەو یارییە لە کوردستان..

# خلیسکانی سەر بەفر لە هەولێر دەبێتە جێی بایەخی لاوان



حاجی ئاغا: لە بەرنامەماندایە تیپی ئاست جیاواز دروستبکەین و خول و پاڵەوانیەتی بکەینەوە

کارزان کانەبی
رووداوی وەرزشی ـ هەولێر

سەرپەرشتیاری یارییەکانی خلیسکانی سـەر بەفر لە شاری سـمایلاند لە هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان تیپێک بۆ سـێ ئاستی جۆراوجۆر لە شاری هەولێر دروست بکەن و گوتـی «دەمانـەوێ دەسـتپێشـخەری بکەین بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی کوردستان گرنگی زیاتر بەم یارییە بدرێت».

یاری خلیسـکانی سـەر بەفر، یەکێکە لەو یارییە وەرزشیانەی هەوادارێکی زۆری هەیە لە سـەر ئاسـتی هەموو جیهان، کە بەداخـەوە تاوەکو ئێسـتا لە کوردسـتان ئـەو بایەخەی بەخۆیـەوە نەبینیوە، بۆیە ئێسـتا شـاری یاری سـمایلاند لە هەولێر دەیـەوێ دەستپێشـخەرییەک بـکات بـۆ ئـەوەی لەمـەودوا لە هەموو کوردسـتان گرنگـی بـەو یارییـە بدرێـت و بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ئـەو شـارە بەشـێوەیەکی جیاواز گرنگی بە یاری خلیسـکانی سـەر بەفـر دەدات، کە شـوێنێکی تایبەت بەو یارییەی دروستکردووەو رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لـە هەوادارانی ئـەو یارییە گرنگی بە یارییەکـە دەدەن و ئارەزووەکانی خۆیانی تێدا بەدیدێنن.

حاجی ئاغا ئەسـعەد، سەرپەرشتیاری یـاری خلیسـکانی سـەربەفر لـە شـاری سمایلاند ئامانجی کردنەوەی ئەم یارییەی بە (رووداوی وەرزشـی) راگەیاند و گوتی « ئامانجمـان لە کردنەوەی ئەم یارییە لە شاری سـمایلاند بەرەوپێشچوونی ئاستی ئـەم یارییە لە کوردسـتان و بەتایبەت لە شـاری هەولێر، دەمانەوێ کوردسـتانیش وەک وڵاتانـی دیکـە بایـەخ بـەو یارییە خۆشە بدات».

بـە قسـەی حاجـی ئاغـا، پـرۆژەی سـمایلاند تاکـە پرۆژەیە لـە عێراقدا کە گرنگـی بە تەواوی یارییەکـە بدات و لەو بـارەوە گوتـی «ئـەم یارییـە لـە وڵاتە پێشـکەوتووەکانی جیهانـدا گرنگی زۆری پێدەدرێـت، ئێمەش بەتـەواوی گرنگیمان بەم یارییە داوەو کۆمەڵێکی زۆر خەڵک لە تەمەنـە جیاوازەکانمان لە دەوری خۆمان کۆکردووەتـەوە بە ئامانجی گەشـەکردنی بەردەوامی یارییەکە».

لـە بـارەی ئامانجـی گـەورەی ئـەم پرۆژەیـەش، حاجـی گوتـی» ئامانجمان ئەوەیـە ئـەم پرۆژەیە گەورەتـر بکەین و زیاتـر بەرەو پێشـی ببەین و هـەواداری زیاتـری لـێ کۆبکەینـەوە، لـە هەوڵـی ئەوەدایـن ژمارەیـەک تیپـی جۆراوجـۆر دروسـت بکەین لـە ئاسـتە جیاوازەکانی تەمـەن، بـۆ ئـەوەی خەڵکـی دیکـەش چاومان لێبکات و ئەو یارییە بەتەواوی لە کوردستاندا بگەشێتەوە».

لـە بـارەی سـەردانیکردنیان لەلایـەن هەوادارانی ئەم یارییەوە، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە گوتی» سـەرەتا بـە رێژەیەکی کەم خەڵک سەردانی کردین، بەڵام ئێستا رێـژەی بەشـداربووان زیاتر بـووە لەچاو جـاران و رۆژانە هـەواداری زۆرمان هەیە کە حەزییان لەم یاریەیە، پێشـووتر تیپ و یاریزانـان هەر نەبوون، ئێسـتا تیپمان دروستکردووەو ژمارەمان زۆر بووە، بۆیە دەتوانیـن لە ئایندەیەکی نزیکدا هەنگاوی گەورە بهاوێژین».

حاجـی ئاغـا، نایـەوێ لەو ئاسـتەدا بوەستێت و بەنیازە خول و پاڵەوانیەتیش بـۆ ئـەم یارییـە بکاتـەوە «لـە هەوڵـی ئەوەدایـن بتوانین تەواوی رێنماییەکانمان بـە یاریزانان بڵێین و بەتەواوی فێری ئەو یارییـە بکەیـن، ئـەوکات پاڵەوانیەتیش لەنێوان تیپەکانی شـارەکانی کوردستان و بگـرە عێراقیـش ئەنجـام دەدەیـن»، ئـەو هەروەهـا گوتی «بەداخەوە ئێسـتا لـە کوردسـتان هیچ تیپێکی ئـەو یارییە نییـە، بەڵام ئێمە خەریکین و دەسـتمان بە دروسـتکردنی تیپ کردووە بۆ ئەوەی سوودی بۆ هەموو لایەک هەبێت».

لەوانەیە گرفتـی گەورەی ئەو پرۆژەیە بچووکـی یاریگەکە بێت، بەڵام بەقسـەی سەرپەرشـتی یارییەکە لە بەرنامەیاندایە یاریگەکەیان فراونتر بکەن.

ئێسـتا خەڵکێکـی زۆر ئـارەزووی ئەجامدانـی ئـەو یارییەی هەیـەو رۆژانە سەردانی ئەو یاریگەیە دەکەن. بۆ نموونە نەبەز محیەدین یەکێکە لەوانەی زۆر حەزی لە یاری خلیسـکانی سەر بەفر هەیە. ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من یەکێکم لەو یاریزانانەی لە رێگەی ئەم یاریگەیەوە خۆشەویستیم بۆ ئەم یارییە دروست بووە، هەفتانە بەلای کەمەوە دووجار سـەردانی دەکـەم، هەرچەندە بـۆ یارییەکان پارەی خۆم دەدەم، بـەڵام لەبەرئەوەی خولیای زۆرم بۆ ئەم یارییە دروست بووە، ناتوانم دەسـتبەرداری بـم». هەروەها گوتیشـی «هەرچەنـدە نرخەکـەی زۆرە، بـەڵام ئیـدارەی خلیسـکان، لێـرە هاوکارمانن، بەهیوای ئەوەشین سەنتەرێکی گەورەمان بـۆ بکەنـەوە بۆ ئـەوەی ئێمـەش زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆمان بدەین».

شـاهین حەمیـد، ئەویـش یەکێکە لەو یاریزانە بەتەمەنانەی، خلیسکانی سەربەفر دەکات و بـە جولە سەرەنجراکێشـەکانی هەمـوو هەوادارانـی یارییەکـەی بەخۆی سـەرقال کردووە، لـە هەمانکاتدا رێنمای یاریزانـە لاوەکانیـش دەکات. ئـەو بـۆ (رووداوی وەرزشـی) قسـەی کردو گوتی «مـن وەک یاریزانێکـی بەتەمـەن زۆر خولیـای ئـەم یارییـە بوومـە، چونکـە یارییەکـی مۆدێرنـە، پێشـتر هیـچ کات یاریزانـی ئەم یارییەش نەبوومە، بەڵام لە رێگەی ئەم یاریگەیەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم یارییە دروستکردووە، هەفتانە 4 جار دێمە ئەم یاریگەیە، ئامادەکاری تەواویشم هەیـە لـە داهاتـوودا وەک یاریزانێـک بەشداری هەر پاڵەوانیەتییەک بکەم».



# سەرۆک یانەیەک مووچەی یاریزانانی لە گیرفانی خۆی دەدات

## سەرۆکی یانەی هەلۆ: هەرگیز ڕێگەنادەم دەڤەری بارزان بەبێ وەرزش بمێنێتەوە

تایبەت رووداوی وەرزشی

ئەحمەد خەلیل، سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەلۆ بە (رووداوی وەرزشـی) راگەیاند کـە بەهۆی قەیرانی داراییەوە هیچ کەسـێک هاوکاری یانەکەیـان نـاکات، ئەویش ناچارە لە گیرفانی خۆی مووچەی یاریزانانی بدات.

یانەی هەلۆ، یانە تاقانەکەی دەڤەری بارزان ئەمسـاڵ جیاواز لە ساڵان بڕیاری بەردەوامی دا لە چالاکییە وەرزشییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی و ئەنجامدانی یارییە دۆستانەکان، بە ئامانجی گەڕانەوە بۆ خولی نایابی یا نە کا نـی کو ر د سـتا ن ، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو یانەیە بەدەسـت قەیرانـی داراییـەوە دەناڵێنێـت، بـەڵام سـەرۆکی یانەکـە سـوورە لەسـەر بەشـداری پێکردنی تیپەکەی لەسـەر گیرفانی خۆی، چونکە وەک خۆی دەڵێت «نامەوێت دەڤەرەکەمان بێ وەرزش بمێنێتەوە».

ئەحمەد خەلیل، بە (رووداوی وەرزشـی) گوت «بڕیارمانداوە بەشـداری لە وەرزی نوێی خولی پلە یەکی کوردسـتان بکەین، هەرچەنـدە لە رووی داراییشـەوە بارودۆخـی یانەکەمان زۆر زۆر خراپـە، بەڵام بۆ ئەوەی دەڤەرەکەمان بێبەش نەبێت لە وەرزش بڕیارمدا لەسـەر حسابی گیرفانی خۆم بەشـداری بکەین». ئەو گوتی «هەموو مانگێک لەسەر گیرفانی خۆم و بە قەرز بڕی 13 بـۆ 14 ملیـۆن دینار بۆ یاریزانانم دابین دەکەم، کە لە راسـتیدا ئەوە کارێکی قورسـە، بەڵام لەپێناو خۆشەویسـتی یانەکەم ئەو کارە دەکەم».

کەتالۆنییەکان نهێنییەکی کامپ نو بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرا دەکەن..

# بلیتی هاندەرە هەژارەکان بە خۆڕاییە

سامان وڵاتژێری
تایبەت بە رووداوی وەرزشی

پرسـیارێک کـە هەمـوو جیهانـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵکردووە ئەوەیـە چۆن هەمیشـە لـە یارییەکانـی یانەی بارسێلۆنادا یاریگەی کامپ نو پڕ دەبێت لـە هاندەران، لـە کاتێکـدا یەکێکە لە گەورەترین یاریگەکانی جیهان و شوێنی 98 هـەزار بینـەر دەکاتـەوە، هەروەها نرخی بلیتی چوونە ژوورەوەش گرانە؟.

هاوکارێکمـان، کە هەفتـەی رابردوو ئامادەی یاری نێوان بارسـێلۆنا و ریال بیتیس بوو، لە دەمی کەتالۆنییەکانەوە نهێنییەکـی تایبـەت بـە کامـپ نـوی ئاشکراکردووە، کە وەڵامی پرسیارەکەی سـەرەوە دەداتەوە. ئەو بـە (رووداوی وەرزشـی) گوت «نیو کاژێـر مابوو بۆ یـاری نێوان بارسـێلۆنا و ریال بیتیس، گەیشـتمە بەر دەرگەی یاریگەی کامپ نـو، بینـم چەنـد کـوڕ و کچێـک، کە ژمارەیـان 200 کـەس دەبوو، هەمووی درێسـی یانـەی بارسـایان لەبەربـوو، مـن چوومـە ژوورە، چـوار دەوری کورسـییەکەم چـۆڵ بـوو، بـەڵام کـە یاری دەسـتیپێکرد، بینیـم هەمان ئەو گەنجانەی لە پێش یاریگە وەسـتابوون هەموویان هاتوونەتە ناو یاریگەو لەسەر کورسـییە چۆڵـەکان دابەشـکران». هەروەهـا گوتـی «کچێک لە تەنیشـتم دانیشـت پێمگوت ئینگلیـزی دەزانی؟ گوتـی بەڵـێ.. گوتـم دەتوانم بپرسـم ئێوە بۆ لەبەردەم یاریگە وەسـتابوون و ئێسـتاش هاتوونەتە ناو یاریگە؟ گوتی ئێمە هەژارین پـارەی بلیتی یاریگەمان نییە، 3 کاژێر بەر لە یاری لەبەر دەرگا دەوەستین، ئەگەر شوێنی بەتاڵ مابێت بە ئێمەی دەدەن». هەروەها گوتیشـی «ئـەو کچە کە نـاوی ئەدریانا خۆرخێ بوو، پێیگوتم زۆرجار یانەی بارسـێلۆنا بـە خۆڕایی خـواردن و ئاو و درێسـی یانەکەمان بۆ دێنن».



پشت بە خێراترین راکەری عەرەب دەبەستێت..

# پێشمەرگەی سلێمانی دەچێتە شاریقە

هەرێز جەمال
رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی

بـۆ یەکەم جـار لـە مێـژووی پاڵەوانیەتـی یانەکانی عەرەبی، یانەیەکی کوردسـتان بەشداری پاڵەوانیەتییەکە دەکات و ئامانجیـش لە بەشـداریکردنی بەدەسـتهێنانی زۆرترین مەدالیایە.

دکتـۆر ئەحمەد بەهادیـن، سەرپەرشـتیارو راهێنەری تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشـمەرگەی سـلێمانی تایبـەت بە (رووداوی وەرزشـی) گـوت «تیپی گۆڕەپان و مەیدانـی کچانی پێشـمەرگەی سـلێمانی بەشـداری لە سێیەم پاڵەوانیەتی یارییەکانی ئافرەتانی عەرەبی دەکەن کە بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو لە ئەمارەتی شاریقەی ئیمـارات بەڕێوەبچێـت بـۆ ئـەو مەبەسـتەش ماوەیەکە مەشقەکانیان چڕکردووەتەوە.

ناوبـراو گوتیشـی «یانـەی پێشـمەرگەی سـلێمانی پاڵەوانی یانەکانی عێراقە، بۆیە پشکی بەشداریکردنی لەو پاڵەوانیەتییە بەرکەوتووەو یانەی پێشـمەرگەش تێچووی گەشتەکە لەخۆ دەگرێت، بەهاوکاری چەند کۆمپانیایەکی سپۆنسـەر، چونکـە نزیکـەی 12 یاریزان لـە پێکهاتەکە دەبن «.

ناوبـراو گوتیشـی «ئێسـتا لـە هەوڵدایـن بـۆ ئـەو پاڵەوانیەتییـە دانـە حوسـێنی خێراترین کچـە راکەری عـەرەب و عێـراق بخەینـە ریزەکانمانەوە هاوشـانی ئەلا حیکمەتی کچە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق کە پەیوەندی بـە یانەکەمانەوە کردووەو تـەواوی یاریزانەکانی دیکەش یاریزانی کوردی خۆمان دەبن لەو پاڵەوانیەتییەدا».



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (382) سێشەممە 2016/1/5



## سووکایەتی قبوڵناکات

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی نزیک لە یانەی ڕیال مەدرید ئیسپانی نهێنییەکی گەورەی لەسەر هۆکاری ڕازی نەبوونی ڕائول گۆنزالێسی هێرشبەری ئەفسانەیی یانەی شاهانە لەسەر وەرگرتنی پۆستێکی ئیداری لە یانەکە ئاشکرادەکات و لەو بارەوە دەڵێت «ڕائول زەبرێکی کوشندەی لە سەرۆکی یانەکە، فلۆرەنتینۆ پیرێز وەشاندو ڕەتیکردەوە پۆستێک لە یانەکەی وەربگرێت، چونکە ڕائول باش دەزانێت گەڕانەوەی ئەو بۆ ڕیال وایلێدەکات ببێتە یارییەک لە دەستی سەرۆک، کە بە کەیفی خۆی و بە هەموو ئاراستەکان بیهێنێت و بیبات، ڕائولیش ئەوە قبوڵ ناکات».



فیفا پێشوەختە مێسی و ڕۆناڵدۆی لە ئەنجامی باڵۆن دۆر ئاگاداركردووەتەوە..

# مێسی بەرزیدەکاتەوە

## «گۆڤاری فرانس فوتبۆل وێنەی مێسی گرتووەو پێیگوتووە دەبێ نهێنییەکە بپارێزی»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی بۆمبێکی گەورە دەتەقێنێتەوە ڕایدەگەینێت کە فیفا و گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانیان لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە ئەو براوەی باڵۆن دۆری ئەمساڵەو نووسیویەتی «تەنانەت کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ڕکابەری مێسیشیان لەو ئەنجامە ئاگادارکردووەتەوە».

ڕۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی، لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کە نهێنییەکانی ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتی باڵۆن دۆری 2015 ئاشکرابوونەو خودی فیفا و گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی، کە هەردووکیان پێکەوە ئەو خەڵاتە دەبەخشن، پێشوەختە بە مێسیان گوتووە «تۆ خەڵاتەکە بەرزدەکەیتەوە». هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە فیفا و ئەو گۆڤارە ڕۆناڵدۆشیان لەو ئەنجامە ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام بە مێسی و ڕۆناڵدۆیان گوتووە «پێویستە ئەو نهێنییە بپارێزن بۆ ئەوەی ئاهەنگەکە ڕەواجی خۆی لەدەست نەدات».

### مێسی وێنەشی گرتووە

بە گوێرەی ئەو ڕۆژنامە ئیسپانییە، فرانس فوتبۆل وێنەشی بۆ مێسی گرتووە، کە هەموو ساڵێ بەر لە ئاهەنگەکە بە چەند ڕۆژێک وێنەی 3 پاڵێوراوەکە دەگرێت. ئەو ڕۆژنامەیە لەو بارەوە نووسیویەتی «لە کاتی وێنەگرتنی مێسیدا، نوێنەرانی فرانس فوتبۆل، ئەستێرەی ئەرجەنتینیان لەوە دڵنیاکردووەتەوە کە 100% خەڵاتەکەی بردووەتەوە، بەڵام جەختیشیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە نابێت ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات تاوەکو لە ڕۆژی ئاهەنگەکەدا وەریدەگرێت».

ئاهەنگی خەڵات بەخشینی ئەمساڵی باڵۆن دۆر لە 2016/1/11 لە شاری زیورخی سویسرا بەڕێوەدەچێت و تێیدا باشترین یاریزانی جیهان، باشترین کچە یاریزانی جیهان و باشترین ڕاهێنەری جیهان بۆ پیاوان و ژنان دەستنیشان دەکرێن، لەگەڵ دیاریکردنی پێکهاتەی تیپی نموونەیی 2015 و بەخشینی چەندین خەڵاتی دیکەش.

### ڕۆناڵدۆ ئامادە دەبێت

هەرچەندە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە لەوانەیە ڕۆناڵدۆ ئامادەی ئاهەنگەکە نەبێت و سیناریۆی ئاهەنگی ساڵی 2011 دووبارە بکاتەوە. بەڵام ڕۆژنامەی ئێلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی هەموو لایەک لەوە دڵنیا دەکاتەوە، کە ڕۆناڵدۆ سەرەڕای زانینی پێشوەختەی ئەنجامەکە، بڕیاریداوە ئامادەی ئاهەنگەکە بێت، لەپێناو ناوبانگی خۆی و لەو بارەوە نووسیویەتی «ڕۆناڵدۆ نایەوێ هەڵەی 2011 دووبارە بکاتەوە، کە ئەوکات ئامادە نەبوونی لە ئاهەنگی خەڵاتەکە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر ناوبانگی، بۆیە ئەمساڵ ئامادە دەبێت». هەروەها ئەو ڕۆژنامەیە نووسیویەتی «بارودۆخی ئەمجارەی ڕۆناڵدۆش جیاوازە، چونکە لە 2011 تەنیا باڵۆن دۆرێکی هەبوو، لە بەرامبەر مێسیدا دەستەوسان وەستابوو، ئەو هەموو سەرکەوتنانەی مێسی پێ هەرس نەدەبوو، بەڵام ئێستا ئەویش خاوەنی 3 باڵۆن دۆرە».

ئێلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆ، لەو بارەوە زیاتر نووسیویەتی «هەروەها ڕۆناڵدۆ ئەوەی لەبەرچاوە کە مێسی چۆن لە ئاهەنگی 2013 و 2014 بە سینگێکی فراوانەوە ئامادە دەبوو، سەرەڕای ئەوەی دڵنیابوو خەڵاتەکە ناباتەوەو تەنانەت پێشوەختە ڕایدەگەیاند کە ئەو شایەنی خەڵاتەکە نییە، بۆیە ئەمساڵ ڕۆناڵدۆش پێشوەختە ڕایگەیاندووە کە زەحمەتە ئەمساڵ خەڵاتەکە بباتەوە، هەرچەندە هێندەی مێسی ڕاشکاوانە نەبوو، چونکە دواتر لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە سەرەڕای نەبردنی هیچ نازناوێکی بە کۆمەڵ لەگەڵ یانەکەی، ئەمساڵ باشترین ساڵی ئەوبووە لەسەر ئاستی تاکەکەسی».

### لەبەر 5 هۆکار مێسی دەیباتەوە

هەرچەندە مێسی لە 2015 تووشی پێکانێکی قورس بوو، بەهۆیەوە ماوەی 2 مانگ لە یاریگەکان دوورکەوتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا 5 هۆکار وا دەکەن مێسی بۆ پێنجەم جار ئەو خەڵاتە بباتەوە:


1 ـ دوورکەوتنەوەی لویس سوارێز لە کۆپا ئەمریکاو لە ژمارەیەکی زۆری یارییەکانی بارسا بەهۆی سڕکردنی لەلایەن فیفاوە.

2 ـ ناجێگیری ئاستی نەیمار لە نیوەی یەکەمی ساڵداو شکستهێنانی لە جێهێشتنی شوێنپەنجەی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل و دەرکردن و ڕاگرتنی بۆ 4 یاری.

3 ـ شکستهێنانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی هەڵگری نازناوەکە لە بردنەوەی هیچ نازناوێک.

4 ـ بەشداریکردنی مێسی لە گەیشتنی ئەرجەنتین بە یاری کۆتایی کۆپا ئەمریکا، هەرچەندە نازناوەکەی لەدەستدا.

5 ـ ڕۆڵبینینی سەرەکی مێسی لە بردنەوەی 5 نازناو لەگەڵ بارسیلۆنا.



# 4 باڵۆن دۆرەکەی ڕۆناڵدۆ و کاکا بدەنە مێسی

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

لە ساڵی 2015دا جیهانی تۆپی پێ زۆر لێدوانی سەیری لەلایەن یاریزان، ڕاهێنەر و کەسایەتییە وەرزشییەکانەوە بەخۆیەوە بینی، کە بوونە جێگەی پێکەنین یان تووڕەبوونی هەندێک خەڵک، تەنانەت هەندێکیان بە گاڵتەجاڕانە لە قەڵەم دران.

ماڵپەڕێکی جیهانی 7 لەو لێدوانانەی بەبیری جیهان هێناوەتەوە، کە پێیوایە سەیرترین لێدوانی ساڵی 2015 بوونە لە جیهانی تۆپی پێدا:

«دەبێ هەرسێ باڵۆن دۆرەکانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و ئەوەی کاکاش لە 2007 بردییەوە، بدرێنە مێسی، چونکە هەمووی هەقی خۆی بوون»

**جۆسیپ ماریا بارتۆمیۆی (سەرۆکی یانەی بارسیلۆنا)**

«من ناتوانم ئاستم لەوە زیاتر بەرز بکەمەوە، چونکە گەیشتوومەتە ئاستێک لەوە بەرزتر نییە»

**کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدرید)**

«وا بڕوات لە هیندستان هێندە لاواز دەبم گۆشت بە ئێسکەکانمەوە نامێنێت، هێندەی خواردنەکانیان تیژن»

**ڕۆبێرتۆ کارلۆس (بەرگیکاری ئەفسانەیی بەرازیل)**

«کەس شێت نییە لە فینالی مۆندیال لە یاریزانێک بدات بۆ ئەوەی کارتی سوور وەربگرێت، بەڵام ماتیرازی جنێوی بەدایکم دا، کە ئەو ڕۆژە بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانە کەوتبوو، بۆیە بەرگەم نەگرت»

**زێنەدین زێدان (ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا)**

«خەڵکی بەهۆی منەوە شوێنی سوێد و فەرەنسا لەسەر نەخشەی جیهان دەزانن»

**زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (کاپتنی هەڵبژاردەی سوێد)**

«لە منداڵییەوە حەزم دەکرد ببمە پزیشک، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم پێیگوتم تۆ بۆ پزیشکی دەستنادەی، بڕۆ بۆخۆت خەریکی تۆپ بە»

**یۆرگن کلۆپ (ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول)**

«بینیتێز ڕاهێنەر نییە، بچێتە هەر یانەیەک وەک ئەوە وایە ئەو یانەیە بێ ڕاهێنەر بێت»

**مارکۆ ماتیرازی (بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)**

لە ساڵی 2015 دا 23 دەرفەتی ئاسانی گۆڵکردنی لەدەستدا..

# لیڤاندۆڤسکی پیاوی لەدەستدانی هەلە ئاسانەکانە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری پۆڵەندی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بە گۆڵە زۆر و جوانەکانی هەموو لایەکی تووشی سەرسوڕمان کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەوادارانی تۆپی پێشی بەوە تووشی شۆک کردووە، کە لە ماوەی ساڵی 2015دا زۆرترین دەرفەتی ئاسانی گۆڵکردنیشی لەدەستداوە.

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەوانەی زۆرترین گۆڵیان بۆ یانەکانیان کردووە، لە هەر پێنج گەورە خولی ئەورووپادا، هەمان ئەوانەن کە زۆرترین هەلی ئاسانی گۆڵکردنیشیان لەدەستداوە، بۆ نموونە لەوانەیە بڕواکردن بەوەی هێرشبەرێکی وەک لیڤاندۆڤسکی کە تاوەکو ئێستا لەم وەرزەی بۆندسلیگادا 15 گۆڵی بۆ بایرن میونشن تۆمارکردووە، هەمان ئەو یاریزانە لە ساڵێکدا 23 دەرفەتی ئاسانی گۆڵکردنیشی لەدەستداوە.

لەم خشتەیەدا ڕیزبەندی ئەو یاریزانانە دەردەکەوێت، کە لە ساڵی 2015دا زۆرترین دەرفەتی ئاسانی گۆڵکردنیان لەدەستداوە:

| یاریزان | یانە | دەرفەتی لەدەستدراو |
|---|---|---|
| ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 23 |
| کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ | ڕیال مەدرید | 14 |
| ئارتێز ئەدۆرێز | ئەتلەتیک بلباو | 13 |
| بییێر ئۆباميانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 12 |
| گونزالۆ هیگواین | ناپۆلی | 11 |
| نەیمار دا سیلڤا | بارسیلۆنا | 10 |
| لویس سوارێز | بارسیلۆنا | 9 |
| زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 9 |
| ئۆلیڤەر جیرۆ | ئارسناڵ | 9 |
| جیمی ڤاردی | لیستەر سیتی | 9 |





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا


- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com



# خشتەی یارییەکانی هەفتە



جامی ئیسپانیا
چوارشەممە 6/1/2016
**10:30**
بارسێلۆنا ـ ئیسپانیۆل

خولی فەرەنسا
هەینی 8/1/2016
**10:30**
پاریس سانجێرمان ـ باستیا

جامی ئینگلتەرا
شەممە 9/1/2016
**06:00**
ئارسناڵ ـ سەندەرلاند

جامی ئینگلتەرا
شەممە 9/1/2016
**08:30**
مانچستەر یونایتد ـ شێفیلد یونایتد

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 19 )

| | |
|---|---|
| **شەممە 2016/1/9** | |
| بارسێلۆنا ـ گرانادا | 06:00 |
| سڤیلیا ـ ئەتلەتیک بلباو | 08:15 |
| گیتافی ـ ریال بیتیس | 08:15 |
| ریال مەدرید ـ دیپۆرتیڤۆ | 10:30 |
| لیڤانتی ـ رایۆ ڤالیکانۆ | 12:05 |
| **یەکشەممە 2016/1/10** | |
| ڤیارڕیال ـ خیخۆن | 02:00 |
| ریال سۆسیداد ـ ڤالێنسیا | 06:00 |
| لاس پالماس ـ مەلەگە | 08:15 |
| سێلتاڤیگۆ ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:30 |
| **دووشەممە 2016/1/11** | |
| ئیبار ـ ئیسپانیۆل | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 41 |
| 2 ـ بارسێلۆنا | 39 |
| 3 ـ ریال مەدرید | 37 |
| 4 ـ ڤیارڕیال | 36 |
| 5 ـ سێلتاڤیگۆ | 31 |
| 6 ـ ئەتلەتیک بلباو | 28 |
| 7 ـ دیپۆرتیڤۆ | 27 |
| 8 ـ ئیبار | 27 |
| 9 ـ سڤیلیا | 26 |
| 10 ـ ڤالێنسیا | 23 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ سوارێز | بارسێلۆنا | 15 |
| 2 ـ نیمار | بارسێلۆنا | 14 |
| 3 ـ ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 14 |
| 4 ـ ئیمانوێل | ریال سۆسیداد | 12 |
| 5 ـ مارتینێز | دیپۆرتیڤۆ | 12 |



## خولی ئینگلتەرا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ئارسناڵ | 42 |
| 2 ـ لیستەر سیتی | 40 |
| 3 ـ مانچستەر سیتی | 39 |
| 4 ـ تۆتنهام | 36 |
| 5 ـ مانچستەر یونایتد | 33 |
| 6 ـ وێستهام | 32 |
| 7 ـ کریستال پالاس | 31 |
| 8 ـ لیڤەرپوول | 30 |
| 9 ـ واتفۆرد | 29 |
| 10 ـ ستۆک سیتی | 29 |
| 11 ـ ئێڤەرتۆن | 27 |
| 12 ـ وێست برۆمیچ | 26 |
| 13 ـ ساوسهامتۆن | 24 |
| 14 ـ چێڵسی | 23 |
| 15 ـ نۆرویچ سیتی | 23 |
| 16 ـ بۆرنیمۆس | 21 |
| 17 ـ سوانزی سیتی | 19 |
| 18 ـ نیۆکاسڵ | 17 |
| 19 ـ سەندەرلاند | 15 |
| 20 ـ ئەستۆن ڤێلا | 8 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ڤاردی | لیستەر سیتی | 15 |
| 2 ـ لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 15 |
| 3 ـ ئۆدیۆن | واتفۆرد | 14 |
| 4 ـ محرز | لیستەر سیتی | 13 |
| 5 ـ کەین | تۆتنهام | 11 |



## خولی ئیتاڵیا ( هەفتەی 18 )

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/1/5** | |
| جێنەوا ـ سامپدۆریا | 10:45 |
| **چوارشەممە 2016/1/6** | |
| ئۆدینێزی ـ ئاتالانتا | 02:30 |
| کیێڤۆ ـ ڕۆما | 05:00 |
| یوڤانتۆس ـ ڤیرۆنا | 05:00 |
| لازیۆ ـ کارپی | 05:00 |
| میلان ـ بۆلۆنیا | 05:00 |
| پالێرمۆ ـ فیۆرەنتینا | 05:00 |
| ساسۆلۆ ـ فرۆزینۆنی | 08:00 |
| ئیمپۆلی ـ ئینتەرمیلان | 10:45 |
| ناپۆلی ـ تۆرینۆ | |
| **شەممە 2016/1/9 (هەفتەی 19)** | |
| کارپی ـ ئۆدینێزی | 05:00 |
| فیۆرەنتینا ـ لازیۆ | 08:00 |
| ڕۆما ـ میلان | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/1/10** | |
| ئینتەرمیلان ـ ساسۆلۆ | 02:30 |
| ئاتالانتا ـ جێنەوا | 05:00 |
| بۆلۆنیا ـ کیێڤۆ | 05:00 |
| فرۆزینۆنی ـ ناپۆلی | 05:00 |
| تۆرینۆ ـ ئیمپۆلی | 05:00 |
| ڤیرۆنا ـ پالێرمۆ | 05:00 |
| سامپدۆریا ـ یوڤانتۆس | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ئینتەرمیلان | 36 |
| 2 ـ فیۆرەنتینا | 35 |
| 3 ـ ناپۆلی | 35 |
| 4 ـ یوڤانتۆس | 33 |
| 5 ـ ڕۆما | 32 |
| 6 ـ میلان | 28 |
| 7 ـ ساسۆلۆ | 27 |
| 8 ـ ئیمپۆلی | 27 |
| 9 ـ ئاتالانتا | 24 |
| 10 ـ کیێڤۆ | 22 |



## خولی فەرەنسا ( هەفتەی 20 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/1/8** | |
| پاریس سانجێرمان ـ باستیا | 10:30 |
| **شەممە 2016/1/9** | |
| لیۆن ـ تروا | 07:00 |
| مۆناکۆ ـ ئەجاکسیۆ | 10:00 |
| مۆنپێلیە ـ بۆردۆ | 10:00 |
| رین ـ لۆریان | 10:00 |
| ریمس ـ تۆلۆز | 10:00 |
| ئەنجی ـ کان | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/1/10** | |
| نانت ـ سانت ئیتیان | 04:00 |
| لیل ـ نیس | 07:00 |
| مارسیلیا ـ گانگۆن | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 51 |
| 2 ـ مۆناکۆ | 32 |
| 3 ـ ئەنجی | 31 |
| 4 ـ کان | 30 |
| 5 ـ نیس | 29 |
| 6 ـ سانت ئیتیان | 29 |
| 7 ـ رین | 27 |
| 8 ـ لۆریان | 26 |
| 9 ـ لیۆن | 26 |
| 10 ـ مارسیلیا | 25 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 15 |
| 2 ـ موکاندچۆ | لۆریان | 11 |
| 3 ـ پاتشوای | مارسیلیا | 11 |
| 4 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 10 |
| 5 ـ بن عەرەفە | نیس | 7 |

## جامی شای ئیسپانیا (قوناخی 16)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/1/6** | |
| ئەتلەتیک بلباو ـ ڤیارڕیال | 02:00 |
| ڤالێنسیا ـ گرانادا | 06:00 |
| میراندێس ـ دیپۆرتیڤۆ | 06:00 |
| ریال بیتیس ـ سڤیلیا | 08:15 |
| بارسێلۆنا ـ ئیسپانیۆل | 10:30 |
| رایۆ ڤالیکانۆ ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 12:05 |
| **پێنجشەممە 2016/1/7** | |
| ئیبار ـ لاس پالماس | 10:30 |
| قادش ـ سێلتاڤیگۆ | 10:30 |

## گۆڵکارانی خولی ئیتاڵیا

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ هیگواین | ناپۆلی | 16 |
| 2 ـ مارتینز | سامپادۆریا | 10 |
| 3 ـ کالینیچ | فیۆرەنتینا | 10 |
| 4 ـ دیپالا | یوڤانتۆس | 8 |
| 5 ـ ئینسینی | ناپۆلی | 7 |



گرنگترین یارییەکانی هەفتە



خولی ئیسپانیا
شەممە 9/1/2016
**10:30**
ریال مەدرید ـ دیپۆرتیڤۆ

خولی ئیتاڵیا
شەممە 9/1/2016
**10:45**
ڕۆما ـ میلان

خولی ئیسپانیا
یەکشەممە 10/1/2016
**10:30**
سێلتاڤیگۆ ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید

خولی ئیتاڵیا
یەکشەممە 10/1/2016
**10:45**
سامپدۆریا ـ یوڤانتۆس

KOREK

ژمارە (382) سێشەممە 2016/1/5



## جوانترین مۆدێل

ماڵپەڕی گۆڵی جیهانی راپرسییەکی بەرفراوانی بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانی خاوەن جوانترین مۆدێلی قژبڕین لە ساڵی 2015 ئەنجامدا، کە تێیدا دەیان هەزار کەس دەنگیان داو دەرکەوت کە کریســتیانۆ رۆناڵدۆی ئەســتێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیســپانی زۆرترین دەنگی بەدەســتهێناوەو لەلایەن دەنگدەرانەوە نازناوی خاوەن جوانترین مۆدێلی قژبڕین لە ســاڵی 2015ی پێدرا. دوای ئەویش نەیمار دا ســیلڤای ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بە پلەی دووەم و جرازیانۆ پێلێی یاریزانی یانەی ساوسهامتۆنی ئینگلیزی بە پلەی سێیەم هاتن.

# ئۆزێل و باوکی ئاشتبوونەوە

رووداوی وەرزشی ـ DW

دادگای دۆسلدۆرفی ئەڵمانی ئاشکرایکردووە، یاریزانی کوردی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئارسنالی ئینگلیزی و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، مەسعود ئۆزێل، لەگەڵ مستەفا ئۆزێلی باوکی، کە پێشتر بەڕێوەبەری کارەکانی بووە، گەیشتووەتە رێککەوتن و ئاشتبوونەتەوە، کە داوای لەسەر کوڕەکەی تۆمارکردبوو و داوای قەربووی بە بڕی 630 هەزار یۆرۆ لێدەکرد.

رۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی بڵاویکردووەتەوە، باوکی ئۆزێل داوای مافی خۆی کە 630 هەزار یۆرۆیە لە کوڕەکەی کردووە، دوای ئەوەی لە پۆستی بەڕێوەبەری کارەکانی لایداوە، ئەمەش مستەفای ناچارکردووە هانا بۆ دادگا ببات و داوای قەرەبوو لە کوڕەکەی بکات، چونکە بێکاری هێشتووەتەوە.

ئەو کۆمپانیایەی لە ئۆزێل بەرپرسە و ناوی (ئۆزێل بۆ بە بازاڕیکردنە) داوای لە باوکی ئۆزێل کردووە، ئەو سلفەیە بگەڕێنێتەوە کە یەک ملیۆن یۆرۆیە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک، کە کۆمپانیاکە پێشکەشی کردبوو. ئۆزێل ساڵێک دەبێت مۆتلۆی برای لە جیاتی مستەقای باوکی کردووەتە بەڕێوەبەری کارەکانی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مستەفای باوکی لە گولیزاری دایکی جیابووەتەوە، لەو کاتەوە ئۆزێل پەیوەندی لەگەڵ باوکی پچڕاندووە و تەنیا بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە دەکات. ئەو رێکەوتنەی لەنێوان ئۆزێل و باوکی کراوە و دوور لە دادگا ئەنجام دراوە، وردەکارییەکانی ئاشکرا نەکراوە، بەڵام شتەکە کۆتایی پێهاتووە و داوایەکەش لە دادگای دۆسلدۆرف کێشراوەتەوە.



# زە رۆک پارەی جلی زۆرانبازی نەبوو



رووداوی وەرزشی ـ DW

زە رۆک، زۆرانبازی بەناوبانگی جیهانی، کە ئێستا یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وەرزشوانانی جیهان، دان بەوەدا دەنێت کە پێشتر زۆر هەژار و نەدار بووە، تا ئەو رادەیەی پارەی نەبووە جلی وەرزشی بکڕێت. کەچی ئێستا فڕۆکەیەکی تایبەتی هەیە.

زۆرانبازی بەناوبانگ، دایۆن جۆنسۆن کە بە «زە رۆک» ناسراوە، هەندێ نهێنی لە بارەی سەرەتای هاتنی بۆ نێو جیهانی زۆرانبازی ئاشکراکرد و بەبایەخەوە باسی دەرفەتی یەکەمی کرد، کە رێگەی بۆ خۆشکرد خۆی بخزێنێتە نێو حەلەبەکانی زۆرانبازی، ئەویش لە رێگەی ماکمانی سەرۆکی پێشووی یەکێتی زۆرانبازی بووە. ئەو پاڵەوانە دانی بەوەدانا بانگکردنی بۆ یەکەم یاری کێشەیەکی گەورەی بۆ دروستکرد، چونکە وەک خۆی دەڵێت «جلی تایبەت بەو یارییەم نەبوو، بۆیە ناچار بووم داوای بڕێک پارە لە ئەفسانە تۆنگا بکەم بۆ ئەوەی جلی زۆرانبازی پێبکڕم، بەڵام تۆنگا پێی باشبوو باشترین دەستە جلی خۆی بکاتە دیاری بۆ من». هەروەها گوتیشی «بەو جلانەی تۆنگا بەدیاری پێیبەخشیم یەکەم یاری خۆم پێ ئەنجامدا».

زە رۆک، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین یاریزانی ئەو یارییە، کار بەوە گەیشتووە فڕۆکەی تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی گەشتەکانی بەکاری بێنێت.

## پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

سۆران عومەر لە دەربەندیخان

بە لێدوانی:

( **پشتیان لەیەک کرد، چێڵسیان وێرانکرد** )

## 2 LOTTO چل و شەشەمین پێشبڕکێ

ژمارە (381) سێشەممە 2015/12/29

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەفزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو: ..............................

مۆبایل: ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە